# ووتەیکی خیر بۆ فراکسیونی ناو حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق

## عادل ئیبراهیم

منصور حکمت زۆریك لە دەرگا داخراوەکانی نیو بزووتنەوەی کۆمۆنستی کریکاری خستەوە سەرپشت، بە هەولو تەقەلاو ماندوبونیکی زیادەوە بە ئاواتەوە بوو دەرگای داخراوی دەسەلاتی سیاسی بۆ ئەو بزووتنەوەیە بشکینێ، داخەکەم مەرگ ئەو فرسەتەی لیسەندەوە، بە قەولی هاوریکانی حیزبیکی عەزیزی بۆ بەجێ هیشتن هەم بە وەحدەت تیا بحەوینەوە، هەم ئەتوانن بە دەرگای عاسی بوی دەسەلاتی سیاسیدا تیپەرن.

هاوریکانی حکمت نەك پیکەوە نەحەوانەوەو ئەو کارەیان پێ نەکرا، لە بەرامبەر حیزبی عەزیزشدا دەیان هەزاریان توشی دەردی بێئومیدیو بەدبینی کرد، بونە دوو حیزب، حیزبی حکمەتی و حیزبی تەقوایی، گوایە بینەوبەرەیان لەسەر کردنی حیزبە بە هیزیکی سیاسی، مقۆمقۆیان لەسەر ریگاکانی گرتنی دەسەلاتە..! حکمەتیەکان لە حیزبەوە دەست پیدەکەنو بە حیزب شۆرش هەلدەگیرسینن‌و دەبنە رابەری شۆرش، تەقواییەکان لە خەلك‌وشوراوە هەلمەت دەبەن‌و رابەرایەتی شۆرش دەکەن.

باسەکان هەرایەکی گەورەی لە نیوانیاندا سازدا، وایان لێ دەگیرنەوە گەیشتوونە حالیك ناتوانن لەپال یەکتردا دانیشن‌و ناتوانن چاو ببرنە یەکتر...! ئەمە چ بەلاو ئافاتیکە رووی کردۆتە بەر قاپی ئەو کۆمۆنستانەو دلی گەورەی ئنسان دۆستیاندا؟ ئاخۆ کێ بەرپرسیارە کەسیان هەیە بتوانێ وەلامی چەوت یا راستمان بداتەوە.

حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق لە ریزی حکمەتیەکاندا بینەقاقای تەقوایەکانیان گرت، بە ئیدەی من دەبوا هەر ئەو کارەیان بکردایە، چونکە حیزبی عیراق دەمێ سالە تەقەلای بون بە هیزو دەسەلاتی سیاسی لە ریگەی حیزبەوە ئەزمون کردووەو تیا سەرنەکەوتون، دەرگا داخراوەکەیان لیبووە بە پۆلایی‌و بۆیان ناشکینریت‌و کۆلیش نادەن، ئەگەر لەم هەرایەدا بیاندایە تەك تەقواییەکان ئەوە دەبوو دەرگای بون بە دەسەلات بە داخراوی بۆ ئەبەد بەجێ بهیلن، ئەم هەلویستەیان لە دەرسی سەلبی چەند سالەوە فیری بون، بۆیە زیاتر توانیان خۆیان بپاریزن‌و حیزبەکەشیان لە چەند پارچەیی بەدوور راگرن.

جەمعی بە ناوی فراکسیون‌و ژمارەیەکی کەمەوە لە ناو حیزبی عیراقدا هەر لەسەرەتاوە لاوازو داماو و بە بیانو خونچەیان کردووە، پیانەوە دیارە نابنە گول‌و ئەوەرن. راگەیاندنەکەیان عەجیبە ناوی خۆیان ناوە چەپی ناو حیزبی عیراق، خەسلەتی مەزنی منصور حکمت بە گەرانەوە بۆ کۆمۆنیزمی کریکاری‌و ناو نانی حیزب بە کۆمۆنیزمی کریکاری خەت هینان‌و دوور کەوتنەوە بوو لە چەپ‌و نازناوی چەپ، پاش ئەوە ئیدی کەس نەی ویرا ناوی رەسمی‌و عەلەنی لەخۆی بنێ چەپ، دیارە ئەو کۆمەلە لەم هەراو هوریایەدا فرە سادەن.

حیزبی عیراق پییان دەلی ئەوانە لە حیزبدا رەسمی‌و قانونی نین و لە دەرەوەی حیزبن، فراکسیونیەکان دەلین نەخیر ئیمە روو بە کۆمەلگە کار دەکەین و عەلەنین‌و رەسمیەتمان لە کەسەوە سەرچاوە ناگریت، خۆشیان نازانن چیان گەرەکە، گەر فراکسیونن لە حیزبیکدا نهینی کار دەکەن یا عەلەنی، ئەوە دەبیت پیش هەر شتێ ئیجازە لە رابەریەکەتان یا کۆنگرە وەرگرن بەبێ ئەوە گەر کەسانی بە پەرۆشن بۆ حیزبی تەقوایی دەبیت بچن لە جیگەیەکی تر بە عەلەنی سەرقال بن.

من ریزو سەردانەواندم بۆ تەواوی رابەران‌و کادران‌و خەباتگیرانی حیزبی عیراق هەیەو هیچ گومانم لە دلسۆزی‌و ماندویی‌و ئنسان دۆستی‌و شۆرشگیریان نەبووە، جێی داخە نەیان توانی ببنە رابەری خەلك‌و تا ئیستاش ئەو ئەرکە عەزیمە بە خۆیان رەوا نەبینی، ماوەیەك خەلکی کوردستان ئاشنایەتیان بە ناسك ئەحمەدو

تاهیر ئەحمەد پەیدا کرد، ئەو ئاشنایەتیە تەمەنی کورت بوو. بەلام ئەو حەقیقەتە هەر ماوە کە خەباتگێری بەناوی ئەو حیزبەوە هەمیشە گەورەترین فرسەتی داوە بە رابەریەکەی زوو ئاشنایەتی بەخەلك پەیدا کاتو هیزی لێبگریت.

ئەو ناوانەی فراکسیونیان راگەیاندووە نە کەسانی رابەری ئەو حیزبەن نەکەسانی سیاسی سەرسوناشو ناسراون، نە مەسەلەیەکی سیاسی سەرنج راکیش خەریکی کردونو کۆی کردونەتەوە، نە ئەتوانن لە دەرەوەی ئەو حیزبە چەکەرە بکەن، بەوە دەچیت حیزبەکەی تەقوایی بەم گەمەیە تەنها خۆیان دلخۆشو سەرگەرم بکەن.

فراکسیونیەکان زۆر هەرا لەسەر عەلەنی بونی کاریان دەکەن هەر ئەوە بێتەجروبەییو نەشارەزاییان لە کاری سیاسیو عەلەنیدا نیشان ئەدات، لە لایەك ئەوەیان بیر چووە عەلەنی بوونی باسەکانیان کاتێ بایەخدارە کە بەستەکی بە خواست ویستو هەستی خەلکەوە هەبێت، لە لایەکی ترەوە ئیوە کێن هەتا خەلك پەرۆشی ئەوە بیت بزانی چی دەلێنو چیان بۆ دەکەن، یاخود ئەو باسانەی ئیوە عەلەنی بیت یا نا وەلام بە چ دەردیکی خەلکی ئەداتەوە، یا نیازتان وەهایە وەك فراکسیۆنی قەبلی خەباتی دریژخایان بکەنو بەرەو پرۆسەی دروستکردنی رابەریەکی تازەو حیزبیکی تازە تل ببنەوە، هەر لە ئیستەوە ئەوەمان نیشان ئەدەن نە ئەهلی فراکسیونن لە حیزبیکدا بۆ ئەوەی رۆشنایی تر بخەنە بەردەم ئایندەی ئەو حیزبە، نە ئەهلی دروستکردنی حیزبیکن هیچ نەبێ پەرۆیك لە تەجروبەکانی حیزبی ئیستا دادرێ.